ناوی فایل : Elmanyet
ناوی تایپیست: دلیرو ئاشنا
ناوی هەڵەچن:
ناوی لاپەرە: رۆشنبیری
2007/12/26– 12:52:30 ص

# عەلمانییەت وەك پێداویستی كۆمەڵگە

**سۆران عەزیز**



بابەتی سەرەكی عەلمانییەت لە جیهاین ئێمەدا مەسەلەی ئایین نییە وەك باوەڕی كۆمەڵێك خەڵك بە جیهان و خالق و پیرۆزییەك لە دەرەوەی جیهانی ئێستادا, عەلمانییەت راگەیاندنی شەڕ نییە لەگەڵ باوەڕی دینیدا وە كۆتایی هێنان نییە بە موقەدەس بانگهێشتكردن نییە بۆ بیڕینی و عەدەمیەت, بەڵكو چۆنیەتی رێكخستنی و دارشتنەوەی وشیاری جیهانە چۆن لەم جیهانەدا بژین و چۆن پێكەوە رێكیخەین, چۆن دایرێژین چۆن بەرێوەیبەرین, چۆن بیربكەینەوە , چ شوێنێك بە موقەدەس بكەین و چۆن یەكدی پێناسە بكەین, ئەمانە ئەو باس و خواستانەن كەعەلمانیەت خۆی پێوە خەریك دەكات عەلمانییەت باسی تێكەڵنەكردنی ئایینە بە سیاسەت, جا ئەگەر خەباتگێرانی ئیسلامی سیاسی جیهان تێكەڵ یان نوقمی كەن لە نێو ئاییندا وەدەرەوەی ئاین بەعەدەمیەت یەكسان بكەن, وەك ئەوەی لە دنیای ئیسلامیە كانی ئێستای كوردستان و دەرەوەش دەبینین, ئەو كات كاری عەلمانییەكان بەرگریكردنە لە بوون بێ ئەوەی ئەم بوونە بیریزی بگەیەنێت, بۆ ئەوەی درێژە بە بابەتەكە بدەین, هەمیشە وەك رۆژنامەنووسێك لە خۆم و لە هەندێ لەو چاوپێكەوتنانەی كە دەربارەی عەلمانییەت كردوومن بەردەوام ئەو پرسیارەم كردووە ئایا بەڕاستی بۆچی عەلمانییەت لە رۆژهەلأت بەگشتی و كوردستان بەتایبەت سەرنەكەوت بۆچی عەلمانییەت لەگەڵ دیموكراسی نەبوونە زەروریيەتی كۆمەڵگەی ئێمە لەكاتێكدا ئێمە زۆر پێویستمان بەم دوو چەمكە هەیە پێكەوە هەموو كاتێك دەپرسم ئایا ئەوەی لە رۆژئاوا روویدا كە بووە هۆی سەركەوتنی عەلمانییەت بەسەر هەموو پرۆژە ئایینییە سیاسییەكان چی بوو ئایا ئەوە حزب و رێكخراوەكان كردیان یان رۆشنبیران ئایا كۆمەڵگەكانی ئەوان گەشتبونەئەورادەیەی كەعەلمانیەت وەك بیداویستی كۆمەلگاكانی خۆیانسەیربكەن یان پرۆژەیەك بوو بێ خواستی كۆمەڵگەكان فەرز كرا بەسەریاندا وەك ئەوەی لە توركیا بینیمان یەكێكی تر لەو پرسیارانەی من بەردەوام كردوومە و دەیكەم ئەوەیە ئایا پارتی و یەكێتی وەك دوو حزبی گەورەی كۆمەڵگەی ئێمە كە ناویان لەخۆیان ناوە عەلمانییەت یان دیموكراتی تا چەند ئەم دوو چەمكەیان تێدامادەیە یەك لە وەلأمانەی بە شێوەیەكی كۆنكریتی من لەو بابەتە لەریگەیرۆشنبیریانە وە دەستم كەوت ئەوەیە كە پارتی و یەكێتی نەك عەلمانی نین بەڵكو رێگرێكی گەورەشی لەبەردەم گەشەكردنی عەلمانییەت لە ولأتی ئێمە كە ئەمەش زۆر نائومێدبەخشە, بەلأم من بەدەر لە هەموو ئەو شتانە پێموایە كە ئەوەی لە ئەوروپا یان بە گشتی لە رۆژئاوا روویدا بوون یان ئامادەی عەلمانییەت بوو لەنێو كۆمەڵگەی ئەو كاتی رۆژئاوا وە ئەو زوڵم و زۆرە بوو ئەوكات دەسەلأتی ئایین لەنێو كۆمەڵگەی رۆژئاوایدا دەیكرد, ئەمە بووە هۆی زەروریيەتی عەلمانییەت لەنێو كۆمەڵگە كانی رۆژئاوای بۆیە ئەوەی جێی سەرنجە ئێمە لەڕووی ستراكتۆرەوە كۆمەڵگەیەكی زۆر داخراوترین لەو كاتی رۆژئاوا ئەوەتا رۆژانە بە نێوی شەرەفەوە ئافرەت دەكوژرێت هەرچی تروسكایەكی ئازادییە بۆ تاكلەنیوكلتوری ئیمەدانییە دامەزراندنی هەرچی دەزگا هەیە لەسەر ئەم ستراكتۆرە داخراوە بۆتە هۆی ئەوەی كۆمەڵگەیەك دروستی بكات نەزانێت پێداویستییەكانی چییە تاكێك بەرهەم دێنێت نازانێت عەلمانییەت یان دیموكراسی بوون یەكسانە بە بوونی ئەوئەو ستراكتۆرە كچێك دروستی ناكات وا هەست بكات عەلمانییەت یەكسانە بە پۆشینی جل بە ئازادی وە كوڕێك دروست ناكات وا تێ بگات دیموكراسییەت یەكسانە بەماچی خۆشەویستەكەی بۆیە لەكۆمەلگەیەكی ئا لەم جۆرەدا ئا لەم ئاستەدا عەلمانییەت یان پرۆسەی بە عەلمانیكردن پرۆسەیەكە دەبێتە هۆكاری بەرپابوونی گۆڕان لە گشتیەكی كۆمەڵگادا گۆڕان لە ناوەندو هێزو ناوەندەكان كۆی ئەو كایەكانی كە ژیانی كۆمەلأیەتی بەڕێوەدەبەن نموونەی ئەم جۆرە گۆڕانانەش بریتین لە گۆڕان لە سیستەمی ئابووری و پەروەردەو فێكردن, سیستەمی قەزایی, سوپا, سیستەمی تەندروستی و سیستەمی خێزان, هتد.... پرۆسەی بە عەلمانیكردن یان ئەوەتە دەزگای نوێی لەم سیستەمانەدا دروست دەكات یان ئەوەتە دەزگا كۆنەكانی ناو ئەم سیستەمانە ناچار بە گۆڕانی گەورەو گرنگ دەكات لە راستیدا بەرپابوونی

گۆڕان لەم ئاستە بونیادی و دەزگاییەدا هێمای گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغێکی مێژووی تایبەتەوە بۆ قۆناغێکی مێژووی دیکە دەشێت ئەم گواستنەوەیە بە قۆناغی گواستنەوە لە هەلومەرج و ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەوە بۆ هەلومەج و ڕۆژگاری مۆدێرنە ناو ببیەین, لەم گواستنەوەیەدا پرۆسەی بە عەلمانی بوون کۆی سیستەمی تەقلیدییەکان و ئەو دەزگایانەو ئەو سیستەمەی بەڕێوەبردنە ناچار بە گۆڕانکاری گەورەو گرنگ هەمەلایەنە دەکات, ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکەین ئەو ڕاستییەیە کە لە قۆناغەکانی بەر لە پرۆسەی بە عەلمانی بووندا کۆی ئەو دەزگا تەقلیدیانەی کە ژیانی کۆمەلاْیەتیان بەڕێوەبردووە, بەرادەیەکی زۆر, لەژێر کاریگەری دەسەلاْتی  پیاوانی ئاییندا بوون ئەوانەش وەك سیستەمی خوێندن و سیستەمی قەزاو سیستەمی ئابووری و تەندروستی و سیستەمی خێزان و کۆی سیستەمەکانی دیکەیان بەڕێوەبردووە.

یان کاریگەی زۆریان لەسەر هەریەك لەم سیستەمانە هەبووە, پیاوانی ئایینی و دەسەلاْتدارانی گریمان پێشداوەرییەکانی ئایین بوون, یان لایەنی کەم هەموویان ملکەچی یاساو بۆچوون و ئەمرەکانی پیاوانی ئایینی بوون.

پرۆسەی بەعەلمانی بوون (کۆمەلاْیەتی و بونیادی) دەزگا کۆنەکان دەستی لە ئاین دەردەهێنێت دەیان دەزگای نوێیش دروست دەکات کە بەهیچ جۆرێك ناجیتە ژێر دەسەلاْتی کۆمەڵێکەوە بەناوی دەسەلاْتی ئایینەوە ئەم دەزگا نوێیانە نە دەکەونە ژێر کاریگەری دەسەلاْتی نوێیوە کە پرۆسەی تازەبوونەوە دروستیان دەکات هەریەك لەو دەزگایانە یاسای نوێی تایبەت بە خۆیان بەرهەم دێنن لە  سایەی ئەم پرۆسەیەدا بۆ نموونە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی کۆن لەناو دەچێت لە شوێنیدا سیستەمی نوێی مۆدیرن ئەم سیستەمە چیدی ئامادە ناکرێ بۆ ئەوەی  بونەوەرێکی ئایینیبەرهەم بینیت کاری لێکدانەوەو راڤەکردنی ئایین بێت لەلایەکی دیکەوە هەرچی پرۆسەی بە عەلمانیکردنی خودیە بریتییە لە کۆی ئەو کاری گەریانەی لە عەقڵ و بۆچوون و دیدو سایکۆلۆژیای و روحییەتی تاکە کەسەکاندا بەجێدەهێڵێت بریتییە لە دەسکاریکردن وێنە و خەیاڵی عەقڵی تاکەکەسی.

کەواتە گەر بە عەلمانیبوونی بابەتی پرۆسەی گۆڕانی پێدراوە کلتوورییە گشتییەکان بێت واتە پرۆسەی گۆڕانی فەزای کلتوور بێت وەك گەشتێك ئەوا عەلمانی بوونی خودی پرۆسەی گۆڕانی مرۆڤە وەك زاتییەت یەکەمیان گۆڕانە لە شتە گشتییەکانی نێو کلتوردا دووهەمیان گۆڕانە لە عەقڵ و خەیاڵ وێناکردننەکانی تاکە کەسی بە کورتی پرۆسەی بە عەلمانیبوون لە ئاستی کلتووردا هەم دەبێتە هۆی گۆڕانی فەزای گشتی کلتوور لە کۆمەڵگادا هەم هی تاکەکەسی لە دوایدا عەلمانییەت دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕان لە هەموو ئەم ئەستانەدا لەنێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتو داخراودا بۆیە زەروریەتی عەلمانیەت لە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا هاوشان لەگەڵ دیموکراسی بیدا ویستیە کی حەتمیە بۆ گۆڕان لە گشتییەتی کۆمەڵگای ئێمەدا.